هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٠١) لە ٢٠٢١/٤/٢٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٦) لە ٢٠٢١/٤/٢٨، بڕیار درا بە:

١. پەسەندکردنی ئەم پڕۆژە یاسایانەی کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان پێدراوە بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کران:

أ) پڕۆژە یاسای (دادگای تاوانکاریی تایبەتمەند بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان-عێراق) و هاوپێچەکەی (ڕێساکانی ڕێکار و کۆکردنەوەی بەڵگەکان).

ب) پڕۆژە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

ج) پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای (یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٣).

د) پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای(وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠).

ه) پڕۆژە یاسای هەمواری (پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

٢. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بۆ داڕشتنەوەی پڕۆژە یاساکان بە گوێرەی ئەو تێبینی و سەرنجانەی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو ، و دواتر ئەم پڕۆژە یاسایانە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێن بۆ تەشریعکردنیان.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران